# پەشێو لە ڕوانگەی: کەسایەتی، هەڵوێست، شاعیرییەوە...

(٢-٢)

سەعدوڵڵا نووری

هەر یەکێ لە ئێمە ئەو ڕاستییەش دەزانێ کە پەشێو دوژمنێکی سەرسەختی براکوژییە و هیچ کات خۆی پێ ڕانەگیراوە و ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو کارە دزێو و ناحەزانەی شەڕی کوردکوژیدا بێدەنگ بێ و هەڵوێست نەگرێ، بۆیە لە ڕێگای پەیڤ و دەقی شێعریدا بە گژ ئەم دیاردە ترسناك و گەلکوژییەدا دەچێتەوە و نەترسانە دەنگی نارەزایی و بێزاری خۆی بە گوێی هەموو کوردێك و هەموو مرۆڤێکدا ڕادەگەیێنێ و هاوار دەکا:

*نەگبەتی بەرۆکی گرتووین*
*لەم لاوە دێ*
*گێژەلووکەی لمی ئاران*
*لەو لاوە دێ*
*تەرزە و برووسك*
*بەفر و باران*
*دانەوەختێك... بارۆڤەیە، ڕەشەبایە*
*دانەوەختێك... گەرداوی تەڕی دەریایە*
*کەچی ئێمەی سڕ هەتا ناخ*
*ئێمەی ڕووتتر لە تیشە شاخ*
*خوێنی یەکتر دەخۆینەوە*
*لە سەر کورتی و درێژی مووی کلکی وڵاخ!*

ئا لێرەدا پرسیارێك هەیە و لەوانەیە لە لایەن زۆر کەسەوە سەری هەڵدابێ ئایا ئەگەر پەشێو هەودای وابەستەیی خۆی و قەڵەمەکەی بە دەسەڵاتێکەوە، گرێ دابا هەمان ئەو پەشێوەی ئێستا دەبوو کە دەیبینین؟! ئایا دەیتوانی ئاوا ئازادانە و بێباکانە ڕاستییەکان بخاتە بەر چاوی جەماوەرەوە؟ من لەم بڕوایەدام نەیدەتوانی. بەڵگەشم بۆ ئەم ڕاستییە ڕووداوێکە کە ئەو لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا تووشی هاتووە و دەڵێ: "لە بیرمە لە مەخموور ساڵێك بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆز بووم، گەلێکم شێعر بۆ ئازادی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد خوێندەوە، نەمدەزانی ئەو شتانەی کە دەیلێم هی ئەو جێگەیە نیە کە من کاری تێدا دەکەم، کاسێتی ئاهەنگەکەیان بۆ مامۆستا مەلا عەوڵا ئیسماعیل ناردبوو، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، بانگی بارەگای کردم و گوتی: ئەو قسە قۆڕانە چیە کردووتە؟ ئەوەی دەیلێی قسەی کوردکوژەکانە! پاش مشتومڕێك چوومە دەرەوە و پرسیم ئەو کوردکوژانە کێن؟ گوتیان ئەوانە کاژێکن. ئەمە یەکەم جار بوو گوێم لە وشەی کاژێك بێ، ئەو جار زانیم ناونیشانم هەڵە کردووە بۆیە وازم هێنا."

هەروەها دەبێ بە دوای وڵامی ئەو پرسیارەشدا بگەڕێین ئایا ئەو نهێنییە دەبێ چی بێ کە وا پەشێو چ وەك شاعیرێك یا وەك کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێست ڕازی نەبووە بچێتە ژێر ڕکێفی هیچ گرووپ و لایەنێکی سیاسییەوە و چ هێزێك لە ناخی کەسایەتی ئەو مرۆڤەدا هەیە کە وای لێکردووە خۆی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنێکی فیکریدا ببینێتەوە؟ ئۆپۆزیسیۆنێك کە حەتتا لە هەمبەر دەسەڵاتە خۆیییەکانیش دەنگی نارەزایی و دروشمی ڕەت کردنەوەی سیستەمی دیکتاتۆری بەرز کردۆتەوە.

من پێم وایە هەڵوێست گرتنی ئەو لە بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمانی یەکێ لەو خاڵە بەهێزانە بێ کە ئەوی ئاوا

لەم شوێنە کۆمەڵایەتییە بەرزەدا داناوە و وای لە لایەنگران و ناحەزانی کردووە حیسابێکی ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ بکەن، هەروەها کاریگەری هەڵوێستەکانی کۆمەڵی کوردەواری ناچار کردووە بە بیر و دیدێکی تایبەتی لێی بڕوانن، دەکرێ ئەم بۆچوونانە لە ڕێگەی قسە و وتەکانی خودی پەشێوەوە بسەلمێنین کە سەنەدێکی ئاشکرا و بەرچاوە، دەبا بە یەکەوە ئەو چەند ڕستەی خوارەوە بخوێنینەوە و ئینجا بزانین کەس هەیە لەگەڵیدا نەبێ و پشتیوانی لێ نەکا: "ئێستا ڕەنگە بیری خۆم دەوڵەمەندتر کردبێ، بزانم بۆچی ئەبێ کیانی نەتەوەییم هەبێ، بەبێ ئەوە کەرامەتی ئینسانیم پێشێل کراوە، هەموو شتێکی خۆیشم تەرخان دەکەم بۆ ئەو مەسەلە پیرۆزە هەمان مەسەلەی پیرۆزی حەزرەتی خانی و حاجی قادری کۆیی، لە ناو گەلانی تر هەندێك شت هەیە هێڵی سوورن، خەتی سوورە نابێ لێ بپەڕییەوە بەڵام لە لای ئێمە ئەم خەتە سوورە نیە، گامسیا خۆردیا سەرکۆماری گورجستان بە زۆربەی دەنگ بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا، بەڵام کە شوارد نادزێ ڕووی کردە تیفلیس و ویستی دەسەڵاتی لێوەربگرێ، وەکوو نیشتمانپەروەرێك، وەکوو کوڕێکی نەتەوەکەی خۆی کە بینی گورجی، گورجی دەکوژێ گوللەیەکی لە تەپڵی سەری خۆی دا و خۆی کوشت، بەڵام دەبینی سەرکردەی ئێمە بۆ سەری خۆی ئامادەیە هەموو میللەتی کورد و هەموو خاکی کوردستان لە ناو ببا، باس لە هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێ هیوادارم لە دوارۆژێکی نزیك یا دوور هەموو ئەوراقی ئەنفال و کوشتنی بارزانییەکان و هەڵەبجە بێتە گۆڕێ، بزانە تەنیا داگیرکەر تاوانبارە یا سوورەکانی بەر لەشکەریش تاوانیان وەکوو یەکە و وەکوو یەکیش دەبێ ڕابکێشرێنە بەر دادگا، لە هەندێ جێگا ئێمە هەتا ئێستا نازانین ئاڵای نەتەوەییمان کامەیە، سەرکردەکان ئەوەشیان لێ قەدەغە کردین لەبەر خاتری دەوڵەتانی داگیرکەر."

پەشێو هەر وەك ئەوەی لە گەورەکان بێهیوا بووبێ و ترووسکەی خۆزگە و ئومێد تەنها لە منداڵان و نەوەی داهاتوودا ببینێ، شێعر بۆ منداڵان دەنووسێ، و وانەی خەبات و تێکۆشان، سەرکەوتن و هۆکاری شکستی نەتەوەی کورد، ڕاستگۆیانە بە منداڵانی کورد دەڵێتەوە:

***منداڵەکان***
***لە ئاگردانی چاوتانا***
***من چاوەڕێی زەردەشتێکم***
***بێ، جێ بەو بتانە لەق کا***
***من چاوەڕێی***
***چەخماخەی ئاوێستایێکم***
***بێ، جەرگی تاریکی شەق کا***
***منداڵەکان***
***ئێمە تووشی سەد کوێرەڕێین***
***چرای بیرمان گەلێك کزە***
***هەنگاوی کوێرانە دەنێین!***

پەشێو شێعری دوازدە وانە بۆ منداڵان بە خاڵی وەرچەرخانی خۆی دەزانێ هەروەك دەڵێ:"پێم وایە ئەگەر ئەوەم بۆ منداڵان نەنووسیبا و لە کەرکووکیش نەمخوێندبایەوە و کە خوێندمەوە ئەو بایەخەی پێ نەدرابا چارەنووسی من چ وەك مرۆڤ چ وەك شاعیر شتێکی تر دەبوو!" هەر بە نیسبەت شاری کەرکووکەوە، پەشێو پێداگری لە سەر ئەوە دەکا کە بە هیچ شێوەیەك نابێ لە کوردستانی بوونی ئەم شارە دوودڵ و بەگومان بین چونکە: "کەرکووك بەشێکە لە تانوپۆی کوردستان و ئەگەر دانیشتووانی سەت لە سەتیش عەرەب و تورکمان بن هەر بە شارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە، کێ دەتوانێ سەتان هەزار گەرمیانی شەهید و ئەنفالکراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان ڕاست کاتەوە بۆ سەرژمێری و دەنگدان؟ زنجیرە چیای حەمرین هەمیشە سنوورێکی سروشتی بووە بۆ لێككردنەوەی عێراق و وڵاتی کوردان."

لایەنگری و جەخت کردنەوەی پەشێو لە سەر بیری سەربەخۆییخوازی و هەڵکردنی ئاڵا هەر وا داوایەکی ڕووکەشانە و ئیحساساتی نیە، بەڵکوو ئەو، ئەم فیکرەی لە سەر بیر کردنەوەیەکی پڕ لە قەناعەت و بڕوا هەڵچنیوە و دەزانێ ڕۆژێ دادێ کوردیش وەك هەر گەلێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە ببێتە خاوەنی وڵات و ئاڵا، بڕوایی ئەو تا ئەو جێگایەیە کە ئامادەیە چەندین شتی پڕبایەخ و گرنگ هەڕاج بکا لە پێناو پارچە پەڕۆیەکی سادە کە هەڵکردن و شەکانەوەی ماهییەتی سەربەخۆیی خاك و نەتەوە دەگەیەنێ، ئەم بیرە لە شێعری "مەزاد"، "ئاڵا"، "چاوم تاریکە" زۆر بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە:

***وەرە ژوورەوە خۆشەویستەکەم***
***وەرە بن باڵم، بنوو دڵنیا***
***ئەوەی دەیدرووم یەکێ لە دووانە***
***کفن، یا ئاڵای ترۆپکی چیا!***

لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستی وڵات و نەتەوە وای لە شاعیر کردووە هەر چی لەم جیهانە بەرفراوانەدا هەیە و دێتە بەر دیدە و زەینی ئەو، بە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی دەزانێ، وێڵ بوونی کلوە بەفرێك و بارینی لە شاری مۆسکۆ، توانەوەی ئەم کلوە بەفرە و بوونە ئاوەکەی ناسنامەی کوردستانی بوونییەتی بە لای شاعیرەوە، ئەم هەست کردنە لە شێعری "شەو نوێژی نامۆیان" چاکتر بە دیار دەکەوێ:

***کڕێوە بوو، دنیا بوولێڵ***
***لەپم کردە***
***لانەی کلوە بەفرێکی وێڵ***
***وەك ئاشقێك، تا توایەوە تێمڕوانی***
***کە بوو بە ئاو، ناسیمەوە:***
***لە کوردستان***
***دڵۆپێك بوو... لە ناو کانی***

هەر وەك لە پێشدا باس كرا، پەشێو بیر و ڕا و لێكدانەوەكانی زیاتر لایەنی نەتەوایەتی و كوردستانی بە خۆوە گرتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە كە ئەو مرۆڤێكی نەژادپەرستە و بۆچوونێكی شۆڤینی هەیە. نەخێر بەڵكوو ئەو ڕوانگەیەكی تەواو ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی هەیە و حەز دەكا هەموو گەلانی بندەستی جیهان بە مافی مرۆیی و نیشتمانی خۆیان بگەن، بەڵام شاعیر كە دەبینێ نە بۆخۆی، نە نەتەوەكەی ئازاد نیە، ناچارە زیاتر بیر لە نەهامەتییەكانی گەلەكەی بكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك وترا میللەتانی دیكەی فەرامۆش نەكردووە لە شێعری "بۆ ئینتەرناسیونالیستێك"دا كە بۆ هاوڕێی سلڤادۆری خۆسێ ڕۆمیرۆسی نووسیوە بە ڕوونی دیارە، هەروەها لە شێعری "دەنگێك لە كوردستانەوە" ئاشكراتر ئەم بابەتە دێتە بەر چاو:

***سەركۆنەم مەكە***
***منیش وەكوو تۆ گۆی زەوی ماڵمە***
***ئاسمانیش تافتەی خەیاڵمە***
***وەك تۆ خواكردم***
***وەك تۆش دەمەوێ تا سەر خواكرد بم***
***بۆیە سەربەندی شێعرم هەر كوردە،***
***چونكە كوردم و ناهێڵن كورد بم!***

پەشێو توانیویەتی وردەكارەی ڕۆمانتیكی، شی كردنەوەی سایكۆلۆژی، ورد بوونەوە و سەرنجدان لە تەنگوچەڵەمەی ژیان، و دڵداری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بكا بە هەوێنی هەڵبەستەكانی، شایانی باس و لێدوانە كە یەكێ لە تایبەتمەندییەكانی شێعری پەشێو وێنەی كورت و مانادار و زیندووە، هەمیشە لە درێژدادڕی و هێنانەوەی وێنە و دەربڕینی زیاد و ناپێویست خۆی بواردووە، ئەو لە خەمی ئەوەدایە دەقەكانی گیانێكی نەمرییان وە بەر دابێ و خوێنەر كاتێ دەیانخوێنێتەوە هەست بە گەرمی و ترپەی لێدانی دڵی شێعرەكان بكا، لە كورتە شێعری "گیرفان"دا، زۆر وردبینانە تەعبیر لە گیرفانی تەمەن دەكا و كون بوونی ئەم گیرفانە ئەوەندە گەورە بە ئێمە نیشان دەدا، ساڵ بەو هەموو زۆری و گەورەییەی تێیدا گیر نابێ و دەكەوێتە خوارێ، چواندنی تەمەن بە گیرفان خۆی لە خۆیدا هونەر و داهێنانێكە كە پەشێو بیری لێكردۆتەوە:

***تا هەنووكە***
***وامدەزانی گیرفانی خۆم دەپارێزم:***
***زوو زوو پینەم لێیان دەدا و***
***قەت نەمدەهێشت كونیان تیا بێ***
***بێهوودە بوو***
***شەبەقی گیرفانی عومرم***
***نەك سات و ڕۆژ، تا ساڵیشی تیا گیر نابێ!***

ئەگەرچاو لە شێعری "پیری"ش بكەین دەبینین بە چ وێنەیەكی جوان و بە چ هاوكێشەیەك بەراورد لە نێوان تەمەنی لاوی و تەمەنی پیریدا دەكا، گەرچی من بۆخۆم چوونە تەمەنەوە و پیری وەك دیاردەیەكی مەترسیدار هەست پێدەكەم، بەڵام وشەی پیری بە لای زۆربەی شاعیرانەوە ناچێتە ئەو چوارچێوە مانا باوەی كە وا خەڵك تێیدەگا و لێی حاڵی بوونە واتە پیری لە ڕووی جەستەیییەوە، لە شێعری "گەنجی و پیری"دا شاعیر تووشی سەرسامی و حەپەساوی بووە لەوەی كە ناتوانێ لێكیان جیا بكاتەوە، لە شێعری "تەمەن"دا شاعیر نەك هەر ئیعتراف بە پیری ناكا بەڵكوو لە سێبەری ئەڤین و خۆشەویستیدا وەك منداڵێكی تازە پێگرتوو خۆی دەبینێ و گڕوگاڵ دەكا:

***تا تۆم هەبێ ئازیزم***
***من چیم لە مانگ و ساڵە***
***هێشتا زەڕنەقووتە بووم***
***ڕیشی خەمم سپی بوو، دەمگوت شادی مەحاڵە***
***ئێستاش لە سای ئەڤینتا***
***وا بە كۆڵێ ساڵەوە***
***تازە پێڕەوكە دەبم دەمم پڕ گڕوگاڵە!***

بۆ ئەوەی زیاتریش لە گەورەیی هەڵوێست و شاعیری پەشێو بگەین وام بە باش زانی هەندێ لە ڕا و بۆچوونی نووسەر و ئەدیب و شاعیرانی كورد بهێنمەوە كە دەربارەی عەبدوڵڵا پەشێو دەریانبڕیووە:

١ـ پرۆفسۆر دوكتۆر مارف خەزنەدار: پەشێو لە سەرەتای دەست پێكردنی شێعرییەوە بوو بە شاعیر، بە شاعیری لە دایك بوو، پەشێو شێعر بۆ ڕووداو نانووسێ بەپێچەوانەی ئەم تیۆرییە ڕووداو دەكا بە شێعر، تاكە دەنگێكی شێعری بەرز بوو لەم چەند ساڵەی دوایی توانی شێعری خۆی نەدۆڕێنێ بەڵكوو ئازا و جوامێرانە لە بەردەم كاری ناڕەوای ئەم ڕێكخراوانەی ئێرە وەستا. شێعری "ماچ" و كۆمەڵە شێعری "براكوژی" گەواهی ئەم ڕاستییەن.

٢ـ شاعیر شێركۆ بێكەس: عەبدوڵڵا پەشێو یەكێكە لە شاعیرە دیارەكانی كورد، هاوتەمەن و هاوجیلی یەكترین. پەشێو خۆی بە خۆی تەئسیرێكی گەورەی كردە سەر بەشێك لە شاعیران و بەهرەدارانی شاری هەولێر. دیوانەكانی دواییشی تا ئەوەی ئاخر كە من دیومە، هیچ وەختێك خاڵی نەبووە لە نما و جووڵەی جوانی شێعری كوردی.

٣ـ پرۆفسۆر شوكریە ڕەسووڵ: جگە لەوەی خەڵكی شاری هەولێرە بەڵام لە ڕاستیدا پەشێو شاعیرێكی كوردستانییە. ڕاستە پەشێو پەیوەندی بە هیچ حیزبێكی كوردستانییەوە نیە، بەڵام خوێنی كوردە و عەقڵی كوردە و هەڵوێستەكانی كوردە. باشترین بەڵگەشم بۆ ئەوە هەر چەندە ژنێكی ڕووسی هەیە، وەكوو بیستوومە لای كەس و كاری، فێری كوردییەكی جوانی كردووە و منداڵەكانی فێری كوردی كردووە ئەوەش دەلالەتی كوردایەتی پەشێوە.

٤ـ دوكتۆر ڕەشاد میران: ئاشنایەتیم لەگەڵ كاك پەشێودا ئەو كاتە بوو كە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ نامەیەكم بۆ نووسی بۆ ڕووسیا .

بڕوانامەی بەکالۆریۆسی خۆم بۆنارد، بەڵکوو کورسییەکی خوێندنی باڵام لەوێ بۆ دابین بکا، ئەوە بوو بە نامەیەکی قەشەنگ وەڵامی دامەوە خەبەری وەرگیرانمی پێڕاگەیاندم لە ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە مۆسکۆ و هانیدام بە زووترین کات سەفەر بکەم، مانگی تشرینی هەمان ساڵ گەیشتمە مۆسکۆ و لە ڕێگەی کاك سەلاح عیساوە پەشێوم دۆزییەوە کە لە بەشی ناوخۆیی ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەتدا دەژیا، پەشێو جگە لەوەی خوێندنی لە ڕووسیا بۆ ڕەخساندبووم هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە فێری زمانی ڕووسی و فێری کوردیش بووم.

٥ـ شاعیر کەریم دەشتی: پەشێو لە تێڕوانینی ڕەخنەیی زۆر جیاوازە لە شێرکۆ و لەتیف کە وەڵامدانەوەی شێعری بوون و بەس، بەڵام پەشێو وڵامدانەوەیێکی شێعری و زەروورەتێکی دیکەی شێعری بوو کە ئەویش وڵامدانەوەی ڕۆحییەتی ئەڤینی کوردی بوو، من کە وا باس لە پەشێو دەکەم حەز دەکەم بە ڕق لێمهەڵنەگرن چونکە پەشێو ڕۆڵی گاندی بینی لە بە نرخ کردنی خۆی و دەنگی ئەراگۆنی نواند لە بانگەشەی ئازادی و ڕۆڵی "ئێلیۆت"ی بینی لە تازە کردنەوەدا! زۆر لەو گەمژەلانەی بە ناوی ئەوەی کە مارکسی بوون و حەرفێك لە مارکسییەت تێنەگەیشتوون ویستیان لە پەشێو کەم کەنەوە، بەڵام زەمەن سەلماندی کە پەشێو لە وان مارکسیتر بووە.

٦ـ سەلاحەددین ئاشتی، نووسەر: عەبدوڵڵا پەشێو شاعیری بۆنەیەکی تایبەت نیە بەڵکوو شاعیری گەل و نیشتمانەکەیەتی، توانیویەتی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵكدا جێی خۆی بکاتەوە.

٧ـ ئیسماعیل بەرزنجی شاعیر و ڕۆژنامەنووس: پەشێو یەکێك لەو کەسانەیە بۆ ئێمەی هەولێری، مۆسیقا و جۆشوخرۆشی لە لا دروست کردووین، خۆشەویستی کچ و جوانی ئافرەت و شاخ و گوڵ و فێری کوردایەتی و دروست بوونی هەڵوێستی کردووین، من دەڵێم پەشێو یەکسانە بە هەولێر.

٨ـ شاعیر ئەنوەر مەسیفی: ئێمەی نەوەی دوای پەشێو بە شانازییەوە تەماشای شێعرەکانی دەکەین، هەندێ جاریش من خۆم شێعرەکانی دەخوێنمەوە و ناتوانم ئەو جۆرە شێعرانە بنووسم، پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە تاكوتەرایانەی کە وەك شاعیرێکی جەماوەردۆست خۆی لە کتابی شێعری جەماوەر نووسی، ئەگەر مۆزەخانەیەکی مەڕمەڕی بۆ شاعیرانی کورد دروست بکرێ، دەبێ پەیکەری پەشێویش هەبێ وەك چۆن بۆ نالی و بابا تاهیر و... هتد دەبێ هەبن.

٩ـ فوئاد محەممەدئەمین چیرۆکنووس: عەبدوڵڵا پەشێو ئەو نەفەسە درێژەیە کە توانی کردار و شێعر ئاوێتەی یەکتر بکا و بەو دەنگە نێرە و بەو وشە جوانانە و بەو تەعبیرە قووڵانەوە شێعر بگەیەنێتە نێو هەموو ماڵێکی کوردەوە، شێعری کرد بە چەکێکی بەرگری لە بەرامبەر داگیرکەرانی کورد و وای لە دەسەڵاتدارانی کوردی کرد کە شێعری ئەم شێعرێکی خۆفرۆش و تاسولووس نیە خۆی جوان کا لە بەردەمیاندا و خۆی ئارایشت بکا تاکوو شوێنێك یا جێگایەکی بدەنێ و لێی بحەسێتەوە، پەشێو کە لە نامۆیی و هەندەرانیش بووە، خاك و ئەشکەوتەکانی کوردستان و پیرێژنەکانی کۆڵانەکانی هەولێر و کەرکووکی لە بیر نەچووە، بەڵێ پەشێو، پەشێو نیە بۆ پارە. پەشێو نیە بۆ برسێتی، بەڵکوو پەشێوە بۆ خاك و ئاو و سەربەخۆیی کورد.